# چیرۆکی ئەو سێ هاوەڵەی کە لە غەزای تەبووک دوا کەوتن

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ڕەنج شێخانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# قصة الصحابة الثلاثة الذين تخلفوا عن غزوة تبوك

« باللغة الكردية »

رنج شيخاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

## چیرۆكی ئەو سێ هاوەڵەی كە لە غەزای تەبووك دوا كەوتن

دیارو ئاشكرایە دواكەوتن لە جیهاد كردن لە پێناوی خوای گەورەدا لە سیفاتی دووڕوانە هەربۆیە دەبینین ئەگەر كەسێك لە مسوڵمانان بە بێ عوزری شەرعی دوابكەوێت لە جیهاد ئەوا لۆمەكراوە لە لای خواو پێغەمبەرەكەی (صلی اللە علیه وسلم) جا بابزانین سەرەنجامی ئەو سێ هاوەڵەی كە دواكەوتن لە غەزای (تەبوك) چی بوو؟ دیارە ئەم غەزایە بە هۆی هەلو مەرجی تایبەتی خۆیەوە تاقی كردنەوەیەكی سەخت بوو بۆ مسوڵمانان، ئیمانداارانی لە بێ باوەڕان جیا دەكردەوە ،هەروەكو خوای گەورە هەمیشە مرۆڤی ڕاهێناوە ، ئەوەتا دەفەرموویێت: ﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾ [آل عمران/١٧٩] .واتە:خوا هیچ كات بڕوادارانی بێ تاقیكردنەوەو هەڵسەنگاندن، بەو حاڵەتەوە وان لەسەری، (كە دووڕوو و

دڵسۆز، خەمخۆرو پاك تێکەڵن) نەهێشتۆتەوە، بەڵکو هەندێ جار بۆپاڵاوتنی چاك و خراپ، بێ ئارام و بەئارام جۆرە بەڵاو نەهامەتی دەنێرێ هەتا پیس و پاك لەیەك جیا بکاتەوە، بێگومان ڕووداوەکەی (ئوحود)یش چاکتر هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەبوو، ئەوەبوو (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) بەخۆیی و سێ سەد کەسەوە ورەی بەزیی و، نیفاقی دەرکەوت ، کەوابوو داوای جیهادو هێندێ تەکلیف لەڕاست وناڕاست، دڵسۆزو ناپاك لێکدەکاتەوە.

ئەوەی بۆ ئەم شەڕە دەرچوو تەنها ئیماندارە ڕاستگۆکان بوو،تا ڕادەیەك دەرنەچوون بوو بە نیشانەی دووڕوویی ،هەرکەسێك لە دواکەوتووەکان بووایە باسیان دەکرد بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)لەسەفەرەکەدا ئەویش دەیفەرموو: وازی لێ بهێنن ئەگەر خێری تێدا بێت خوا پێیانی دەگەیەنێت،ئەگەر بێ خێریش بێت ئەوا خوا ڕزگاری کردوون لەدەستی،جگە لەبەهانە بەدەستەکان کەس دوانەکەوت یان

ئەوانەی دووڕووو بوون ، ئەوانە بەدرۆوە داوای مۆڵەتیان کرد کەدەرفەتیان بداتێ دانیشن ونەڕۆن، هەندێکیشیان باکیان نەبوو،مۆڵەتیشیان وەرنەگرت ودانیشتن لە مەدینەو نەچوون بۆ ئەو غەزایە،سێ کەسی ئیمانداریش کە مرۆڤی راستگۆ بوون بەشداریان نەکردوو بێ هیچ هۆیەك دواکەوتن،ئەم سیانەش ئەوکەسانە بوون کە خوا تاقی کردنەوەو پاشان تەوبەی لێورگرتن و لێیان خۆش بوو.

کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) گەشتەوە شاری مەدینە تەشریفی بردە مزگەوت، دووڕکات نوێژی کرد ئەمجا دانیشت وخەڵکی دەورەیان دا، دووڕووەکان کەژمارەیان هەشتاو ئەوەندەکەس، (واقدی) دەفەرمووێت: ئەوانە کۆمەڵێك دووڕووی ئەنساری بوون، بەهانە بەدەستەکانی ئەعرابی خێڵی (بني غفار) و ئەوانی تریش ژمارەیان(٨٢) کەس بوو، ئەمجا(عبدالله ی کوڕی أبي) و شوێنکەوتوەکانی لەوانەدا نین، کە لێرەدا باسیان دەکرێت [فتح الباري ٨/١١٩)] .

ئەمانە هەموویان هاتن و بەچەندین جۆر بەهانەیان دەهێنایەوەو سوێندی درۆیان دەخواردو پاکانەیان دەکرد بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەویش بەڕوو قسەکانی لێوەردەگرتن و بەیعەتی دەدانێ و داوای لیبوردنی بۆ دەکردن و نهێنی دڵەکانیشیانی دەدایە دەستی خوای گەورە، بەڵام لەسێ کەسە ئیماندارە ڕاستگۆکە کە بریتی بوون لە:

یەکەم : کەعبی کوڕی مالک.

دووەم : مەرارەی کوڕی ربیع.

سێهەم : هیلال ی کوڕی ئومەیە.

بڕیاریان دا ڕاستگۆ بن و هیچ بەهانەیەکی درۆ هەڵنەبەستن، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی دایە یارانی کەس قسەیان لەگەڵ نەکات،قسە دابڕینێکی زۆر توندیان لەگەڵدا کراو خەڵکی مامەڵەیان نەدەکرد لەگەڵیاندا،بەرچاویان تەسک بووەو لەزەوی دا جێگەیان

بەخۆیان نەدەگرت و بەتەواوی هەناسەیان سواربببوو،بێتاقەتیەکەیان زیاتری کرد کاتێك کە چل ڕۆژ بەسەر قسە دابڕینەکەدا تێپەڕی فەرمانیان پێدرا کەلەگەڵ ژنەکانیان دا جێگە جیا بکەنەوە،تادابڕانەکە پەنجا ڕۆژی تەواوی خایاند پاشان خوای گەورە لێیان خۆش بوو بە ئایەتی:

﴿ وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّىٰ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لَا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ [التوبة/١١٨] واتە: خوا تەوبەی لەو سێ کەسەش وەرگرت کەخۆیان لە غەزاکە گرتە دواوە، واتە: لە مەدینە مانەوەو نەچوونە جەنگی تەبووك تا لەخەفەتدا وای لێهات ئەم زەوییە فراوانەیان لاتەنگ بوو لەخەم و خەفەتا لە گیانی خۆیان بێزار بوون، چونکە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم)بڕیاریدابوو نابێ هیچ کەسێك تەنانەتی سڵاویشیان لێ بکات، هەتا فەرمانی خوا دێت!! ئیتر زانییان کە هیچ پەنایەکیان نەماوە، مەگەر هەر پەنا بەخوا بەرن لەپاشان خوا

ڕێنمایی تەوبەی کردن، بۆئەوە تەوبە بکەن، ئیتر ئەوانیش تەوبەیان کردو خوا بەخشینی بەڕاستی تەنها ئەو خوایە قەبووڵکاری تەوبەو، لێبوردە، زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە.مسوڵمانان دڵیان خۆش بوو بەولێخۆشبوونە،سیانەکەش ئەوەندە دڵخۆش بوون پێیان نەدەکەوتە زەوی،مژدەیان دەداو ڕوویان خۆشی لێدەباری و دەستیان کرد بە خێرکردن و دیاری بەخشینەوە، ئەوە ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی ژیانیان بوو.

ئەوانەش کەلەبەر بەهانەیەك نەهاتبوون خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرمووی: ﴿ لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلَا عَلَى الْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنْفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ * وَلَا عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَا أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوْا وَأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا مَا يُنْفِقُونَ ﴾ [التوبة ٩١/٩٢] واتە: ئەوکەسانەی بونیەی لەش و جەستەیان لاوازو بێ هێزە، یان لەش بەبارو نەخۆشن وە ئەوانەی هیچیان

دەست ناکەوێ بەختی بکەن بۆ خۆ ئامادەکردن بۆچوونە جیهاد، ئەمانە هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە دانیشن و نەچنە غەزا بەمەرجێ راساڵ و سوڵحاوو دڵسۆزبن بە خواو بەپێغەمبەرەکەی و، هانی خەڵکانی تر بدەن بۆ جیهادو، ئەستەم و گرێ لەبەر پێی موسڵمانانندا دروست نەکەن و، لەجیهاد پەشیمانیان نەکەنەوە، بۆیە خەڵکانی پۆزشدارو خێرخواز ئە گەر نەشچنە جیهاد، هیچ ڕێیەك نیە بۆ سزادانیان، واتە: ئەوانە کە بەئەندازەی دەسەڵاتیان هەوڵدەدەن بۆ چاکەو، خۆشیان نادزنەوە لە خەزا، سووچێکیان نیە و خوا گوناحپۆش و لێبوردەیە، دلۆڤان و میهرەبانە، بەپێی دەسەڵات وتوانا ئەرك دادەنێت،لەسەر ئەوانەش جیهاد نیەو گوناحیان ناگات کە نەچنە غەزا : کاتێ هاتنەلات وداوایان کرد کە لەگەڵ خۆت بیانبەیت بۆ جیهادو، وڵاخی سوارییان بۆپەیدا بکەیت تۆیش ووتت: هیچ شتێك شك نابەم هەڵتانگرێ و سواری ببن ئیتر ئەوانیش بەوحاڵەوە لای تۆ گەڕانەوەو،

چاویشیان- لەخەم وخەفەتا- بە لێشاو فرمێسکی دەڕشت کە شتێکیان نەبوو لەرێی خواو سەرخستنی دینی ئیسلامدا خەرجی بکەن. بەڵێ.. لە دینی ئیسلامدا داواو تەکلیف بەئەندازەی تواناودەسەلآت دەکرێ ،راستە ئەوکەسانە کە جەستەو لاشەیان کەڵکی چوونە سەربازی پێوە نیە ، ئەوە بێ شك هیچ داوایەکیان لێ ناکرێ بچنە غەزا، بەڵکو پاداشتیشیان هەیە لای خوا، بۆیە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) دەفەرموێت: « لقد ترکتم بالمدینة أقواما ماسرتم مسیرا ...» [ئەبو داود/ فی الجهاد (٢٥٠٨)، والبخاری فی الجهاد: (٢٨٣٩)] واتە: ئێستا ئێوە لە گۆڕەپانی جیهاددان و، لە (مەدینە) ش خەڵکێك – بەهۆی نەخۆشیی و کەم ئەندامیی و نەبوونیی کەرەسەی جەنگەوە جێماون، دڵنیابن هاوبەشتانن لە بەهەشتدا، چونکە دڵیان لەلاتانەو، ئەگەر بۆیشیان کرابا دەهاتن، ووتیان ئەوان لە مەدینەش دان؟ فەرمووی: بەڵێ لەوکاتەدا لەمەدینەدا بوون.

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە لەگەڵ پێغەمبەران وهاوەڵان وڕاستگۆیان و پیاوچاکاندا حەشرمان بکات .

سەرچاوە:

رحيق المختوم: نوسینی صفی الرحمن مبارک فوري ــــ وەرگێڕانی بۆ کوردی: بکرحمە صدیق.

تەفسیری ڕامان: نوسینی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود